# سۆزێک بۆ دایک

**تێبینیی**

**کۆپلەیەک لەم هۆنراوەیە بە دەنگی هونەرمەندی دەنگ خۆش بەڕێز کاک ڕێبوار مەعروف کراوە بە گۆرانی**
**.ئەم هۆنراوە بچوکە پێشکەشە بە دایکی شیرینم و هەموو پەپوولە دایکێکی دونیا**


**نووسینی سارا عومەر / دانمارک**
**ڕێکەوت14 /4/ 2006**
Xozga86@hotmail.com


بۆ تۆیە ئەژیم دایەی شیرینم
سەرچاوەی بونم و ئەشک و ئەوینم
ڕۆژم دور خۆر و
شەوم بێمانگە
بە بێ سۆزی تۆ ناژیم چارم کە
بلێی جارێ دی وەک منالەکەی جاران
لەسەر رانی تۆ بدەم یەک ووچان ؛
فرمێسکی دووریم لە چاو بۆ بسڕی
بەرگی غەریبیم لەبەر دابدڕی ؛

دایکی یەکەمم ، شیرینترین کەس
شاعیری نامۆ و هەژار و بێکەس
دووریت وا شیعر لە ناخ ئەڕوێنێ
زامی یادەکان چرۆ دەردێنێ
ووشە لە گیانما خەجاڵەت بووە
دڵی غەریبیم بۆت لەت لەت بووە

***** ** *****

**ئەی دایە گیان ، ئەی فریشتەی خۆزگەکانم**
**وا نەزانی کە دوورم لێت ، گەورە بووم و لە یادمەچێت یادەکانت**
**لە ناخمدا هەر منداڵم**
**هۆی بەخشندەیی تۆیە ئەژیم و لە ژیندا ماوم**

***** ** ****

**هۆ دایەکەی من تۆ لە کوردستان**



ڕۆشن کەرەوە ژینی هەندەران
بۆنی سنگۆڵەت لەبەر دڵانە
ماچی شەوباشت لەبەر چاوانە
ئێستا تۆ مەڕۆ جارێ زۆر زووە
باسی من و تۆ کەی تەواو بووە ؛
بیرمە منالٚبووم بێ باوک و بێ کەس
تەنها تۆم هەبووی سەر سپی و گشت کەس
بە لیکی دەمت تینووت ئەشکانم

کوێر بێت چاوانم ، ئێستاش چاوەڕوان
زەلیلی سەر جێ و بێ زمان و ژیان
چاوت لە ڕێمە بکەڕێمەوە
شەرتە بێم بۆلات سەر بنێمەوە

*** ** **

لە ئامێزم نێ دایە گیان ، هەر کۆرپەلەکەی جارانم
بڕوات هەبێت بیرت ئەکەم ، زیاد لە بیری نیشتمانم
بێتۆی وای لێکردووم ، بگریم بلێم ، کە جێماوم

سوێند بێت بە فرمێسکی چاوت ، بە ئایەتی سەر لێوانت
لە دڵما زۆر میهرەبانی
تۆی پەپولەی ڕۆح و گیانمی
چاک بزانە کاروانی غەم هەر بەمە کۆتای نایە
گەرچی تۆ لە کوردستانیت
ڕۆحم هەردەم لە گەڵتایە
دڵم هەردەم لەگەڵتایە